سەرۆک رەشید جەختیکردەوە لە پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان

ئەمە دووشەممە ،سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، لە بەغدا، پێشوازیکرد لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حوسێن، لە میان دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار جەختی لە "گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا ، بڵاویکردەوە : "ئەمە دووشەممە ،سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، لە بەغدا، پێشوازیکرد لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە فوئاد حوسێن".

لە دیدارەکدا، "هەڵسەنگاندن بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی وڵات کرا".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە سەرۆک کۆمار جەختی لە "گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان کردەوە، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق بکات و پشتگیری لە ڕێوشوێنکانی هاریکاری هاوبەش بکات بە بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و جیهانی".

سەرۆک کۆمار ئاماژەی بە "ڕۆڵی سەرەکی و ئەرێنی عێراق کرد لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و چەسپاندنی بنەماکانی ئاشتی و لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتییەکان".

هەروەها لە دیدارەکەدا "گەشانکارییەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانیان لەسەر گەشەپانی عێراق

تاوتو کران".